کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 23:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لای کاکە عادل عەلی ڕاگەیاندنی ناوخۆ بانێکە و دوو هەوا ... شاهـۆ

لەڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە 328 لە 5/30 دا ولەپەڕەی نۆزدەدا بانگەوازێك لەوەزارەتی ناوخۆوە بڵاوكراوەتەوە بۆ كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەناوی (عادل عەلی) یەوە، لەگەڵ كۆمەڵی هاوڕی كەلەبواری ڕاگەیاندن كار دەكەین كە ئەم بانگەوازەمان خوێندەوە دامانە پرمەی پێكەنین چونكە یەكەم بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەوازێكی وەزارەتی ناوخۆ تەنها پێویستە بنووسرێت ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ و ناوهێنانی نەدەویست (كەدواتر باس لەهۆكاری ئەم ناوهێنانە دەكەم) .. دووەم یەكی نەزانی ئەگەر ئەم بانگەوازەی كاكە عادل نەبی ئیتر خەڵكی هاوكاری هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ناكەن! بۆهەموو ئەوانەی نازانن: ئەو چاوپێكەوتنەی ماوەیەك لەمەوبەر پێگەی وەزارەتی ناوخۆ بڵاوی كردەوە و تیایدا مەلا كرێكاری گەورە تیرۆریست میوانی شیرینی پێگەی وەزارەتی ناوخۆ بوو و لە دیمانەكەدا مەلای ئەمیری پیشووی بەناو جوند الئسلام بەكەیفی هەوای ناسازی دڵی خۆی فەتوای قەتل و عام كردنی پۆلیس و پێشمەرگەی دەدا و سووكایەتی بەبەرپرسی حكومی و حیزبی ئەندام پەرلەمان و تەواوی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەكرد.. بەپێشنیاری خودی ئەم عادل عەلی یە بووە و بەڕەزامەندی مامۆستا جلال سازكراوە. هەر وەك ووتم ئەم دیمانەیەیی مەلای تیرۆریست هەڵایەكی گەورەی لێكەوتەوە و دەبەنگی پێگەی وەزارەتی ناوخۆی بۆ هەموولایەك نیشاندا و تەنانەت بەڕێز عوسمانی حاجی مەحمود لەڕوونكردنەوەیەكدا بۆ ڕۆژنامەی چاودێر پێی لەم هەڵە گەورەبیە ناوە كەئەو كات خۆی لە دەرەوەی هەرێم بووە.. جا ئیستا كاكە عادل عەلی دەیەوی بەم بانگەواز و شایی و لۆغان و خۆدەرخستنە جارێكی تر ڕەزای خۆی لای جەنابی وەزیر سووك بكات و خۆی بەرێتەوە پێشەوە و بچێتەوە تایمەكەی جاران، بەتایبەتی ئەگەر خوێنەری بەڕێز بزانێت كە ئەم كاك عادل عەلی یە لەسەر میلاكی وەزارەت نیە و بەگری بەست لەمەكتەبی بیر و هۆشیارییەوە هاتووە بۆ ڕاگەیاندنی وەزارەت لەبەر خاتری خاتران و لەبەر ئەوەی بەئەندازەی وەكیل وەزیرێك داهاتی هەیە لەم پۆستەیدا ئەمە بی لەوەی ئوتومبیلێكی سیدریكی نوێی دراوەتی كەزۆربەی ئەو ئەفسەرانەی پلەیان لیواشە خەون بەو ئوتومبیلەوە دەبینن.. ئەمەش وەك ڕاگەیاندنی وەزارەت و ڕۆژنامەی لاوازی هەفتەنامەی ناوخۆ كەهەردوكیان كاكە عادل علی سەرپەرشتی دەكات.. بێگومان ئەمە بێجگە لەوەی پاش نیوەڕوان دێت بۆ كۆمپانیایی ووشە و لەوێش هەر قسەی زل زل دەكات و مووچەشی بۆ بڕاوەتەوە.. ئەگەر كاكە عادل بیری بێت ماوەیەكی كوورت بەر لەئیستا بۆ خۆم جارێك بەتووندی بەرپەرچم دایەوە كاتێك زیاد ڕوییەكی ناشرینی دەرهەق بە مام جلال كرد و بە پیرە وورچ ناوی برد.. وای دەزانی ئێمە وەك باڵی ڕیفۆرم چەپڵەی بۆ لێدەدەین.. دیارە ئەگەر پێشمەرگەیەكی دێرین و ماندوو ڕەخنەیەكیش لە مام جلال بگرێت ئاساییە بەڵام كەسێكی هەل پەرست و خۆبەرەپێشەوە و نەماندوو و قات لەبەر بیەوێت بەهۆی ململانێی باڵەكانی یەكێتیەوە وەك دەڵێن ڕاو لەئاوی لێڵ دا بكات تیكە نانێك لەدەمی ئەم و ئەو برفێنێت.. ئەمەیان قبوڵ نیە.. لەكۆتایشدا داوا لەكاك عادل عەلی دەكەم واز لەپەت پەتێن و ئەمبەر و ئەو بەر بهێنی و لەپۆستەكەیەوە خزمەتی ڕاستەقینەی ئەزموونەكەمان بكات و دڵسۆزی بی لایەن بێت.. لەگەڵ ڕێزمدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.